وەزارەتـی نــاوخـۆ
ئـیدارەی گـەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 3668
ڕێکەوت : 15 / 10 / 2024

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.12- 2024) تەندەری پرۆژەی**

**(کڕین و گواستنەوەی نەوتی سپی بۆ قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان (ب.پەروەردەی کەلار+ب.پەروەردەی کفری) )بۆ جاری دووەم**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســــەرجەم بەڵێنــــدەر و کۆمپانیاکــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نـــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامــــادەکراوە لە لایەن (بەڕێـــــوەبەرایەتی گشـــتی پەروەردەی گەرمیـــــان) , لەســـــەر بـــــودجەی ئاســـــایی بەڕێـــــوەبەرایەتی گشـــتی پەروەردەی گەرمیـــان جێبەجـــێ دەکرێـــت , هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســـەردانی ب.ژمێریـــاری لە دیـــوانی ئیـــدارەکەمان بکـــات بەمەبەســـتی وەرگرتنـــی تەنـــدەر .مـــاوەی جـــێ بەجێکردنـــی پـــرۆژەکە (30) ســـی ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنـــی تەنـــدەر لە ڕۆژی ( پێـــنج شـــەممە 17 / 10 /2024)ەوە دەســـت پـــێ دەکـــات تـــا ڕۆژی (پێـــنج شـــەممە 31 / 10 / 2024) کـاتژمێر ( 9 )ی سـەر لە بەیـانی تـا ( 11:00 ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە (١٠٠) سـەد هەزار دینـار کە نـاگەڕێتەوە بـۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە 3 / 11 / 2024) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:15)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەر و لایەنانە ڕێگە پێدراوبن بۆ دابینکردنی سوتەمەنی وە پێناسی باوەڕپێکراوی فەرمی حکومەتیان هەبێت .

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2024) یان هەبێت .

6- فەرمـانگەی گرێبەسـتکردن بـۆی هەیە پرۆسـەی تەنـدەرین پـێش نووسـراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**